# وێنەی هەستی و ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی(ناری)دا

**أ.م.حسن علی عمر**

زانکۆی کەرکووک/ کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان

**الملخص:**

لاريب أن للصورة مكانة أساسية في البناء الشعري، والصورة الشعرية هي المصدر الذي يعتمد عليه الشاعر في التعبير عن تجربته الشعرية وهي أيضا أحدى عناصر تكوين النص الشعري، وإنها جانب مهم للابداع في أي نص شعري كوردي، وذلك لأنه يظهر خيال و خواطر الشاعر.

ونحاول في بحثنا هذا والذي عنوانه ( الصورة الحسية والبلاغية في قصائد ناري)، دراسة جزئيات تكوين الصورة الشعرية لدى الشاعر وهي دراسة تحليلية وصفية. ويتكون البحث من فصلين، فقد حدد الفصل الاول لمفهوم وتعريف وأهمية الصورة الشعرية وأهم مكوناتها في قصائد ناري، أما الفصل الثاني فقد حدد لدراسة أنواع الصورة الشعرية في قصائد الشاعر بنوعيها الحسية والبلاغية، وإن أهم نقطة توصلنا اليها أن الشاعر ناري أحتضن جميع أنواع الصورة الحسية والبلاغية في أشعاره.

**الكلمات المفتاحية/Keywerds/** وێنەی شیعری، ئەندێشە، داهێنان، وێنەی هەستی، لێکچواندن.

**پێشەکی:**

وێنەی شیعري یەکێکە لەو لایەنە دیارو گرنگانەی ناو جیهاني ئەدەبی، هەموو شیعرێك بۆ خۆی لە وێنەیەکە یان لە چەند وێنەیەك پێکهاتووە، بۆیە ناکرێت شاعیر ئەم ڕەگەزە شیعریە گرنگە فەرامۆش بکات، شاعیر دەتوانێت لە ڕێگای وێنەوە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بەشێوەیەکی جوانتر بە وەرگری دەقەکە بگەیەنێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە وێنەی شیعری بەزیندووترین و چالاکترین ڕەگەزی شیعری دابنرێت، چونکە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بنیاتنانی شیعردا، بە هۆی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری(وێنە)، ناونیشانی(وێنەی هەستی و ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی ناری دا)مان هەڵبژارد بۆ ئەم توێژینەوەیە، هاوکات شیعرەکانی(ناری)، ئەو ماددە خاوەو دەوڵەمەندن کە شایەنی تێرامان و لێکدانەوەیە بۆیە لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا وێنەکانی ( ناری ) تاو توێ دەکەین.

**ئامانج و پرسیاری توێژینەوەکە:** ئاستی داهێنانی وێنەی شیعری لە چ ئاستێکدایە؟ هەروەها گەڕان بە دوای دیاردە دەگمەنە تایبەتەکانی داهێنانی وێنەی شیعری لای ناری.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی(وەسفی–شیکاری)مان بەکارهێناوەو سودمان لە شێوازگەری بینیوە لە دەستنیشانکردنی شێوازی تایبەتی(ناری) لەهونەری دروستکردنی وێنەی شیعریدا.

**سنووری توێژینەوەکە:** شیعرە کوردیەکانی دیوانی(ناری)یە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا گرنگیەکی ئەوتۆی هەبووەو شاعیرانی کوردیش زۆرلێهاتوانە پەیرەویان کردووە،(ناری)شاعیریش بە شارەزاییەوە ئەسپی خۆی تاوداوە لە چەسپاندنی وێنەی شیعری لە هۆنراوەکانی دا.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە سەرەڕای ئەم پێشەکییە لە دووبەش پێکهاتووەو هەر بەشێکیش لە دوو تەوەر پێکدێت، لە بەشی یەکەم، لە تەوەرەی یەکەم دا چەمک و پێناسە وێنەی شیعری دەخابەر دیدەی خوێنەرو لە تەوەرەی دووەم پێکهاتەی وێنەی شیعری لەلای (ناری)دا باس دەکات. کەچی لە بەشی دووەم دا، جۆرەکانی وێنەی شیعری دەخرێتە ئاراوە، کە لە تەوەرەی یەکەم لە باری وێنەی شیعرییەوە لە رووی هەستەکانەوە دەدوێت، لە تەوەرەی دووەم دا باس لە جۆرەکانی وێنەی شیعری لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە دەکرێت و ئەنجامەکانیش لە چەند خاڵێکدا خراونەتەروو.

## بەشی یەکەم: چەمك و پێکهاتەی وێنەی شیعری:.

## تەوەرەی یەکەم: چەمک وپێناسە وێنەی شیعری.

بەپێی ئەوەی وێنەی شیعری ڕەگەزێکی بایەخدارو بەهێزی شیعرەو بوونی لە هۆنراوەدا چێژی زیاتر بە خوێنەری دەق دەبەخشێت، وێنەی شیعری لە ئەنجامی تێکەڵبوونی هەست و سۆزو بیرو ئەندێشەی شاعیر دەخولقێت، کاتێك کە هەوڵ دەدات ئەو بیرەی لە مێشکی دایە لە ڕێگەی وێنەیەکەوە بینەخشێنێت و پێشکەشی وەرگری دەقەکەی بکات. دیارە زاراوەو چەمکی وێنەی شیعری ڕاوبۆچوونی زۆری لەسەرە، چ بە بیرو باوەری نووسەرانی ناوخۆی وولات دابێت یان دەرەوەی وڵات بێت، لەوانە (سیسل دی لویس) دەڵێت"وێنەی شیعری واتە وێنەیەکە بە وشە کێشراوەو بە هەست و سۆز بارگەکراوە"(لويس،1982،ص23) شاعیر بەپێی ئەندێشەی خۆی "وێنەی شیعری ناسك دەخولقێنێت لە ئەنجامدا وێنەکانی بەرزی و ژیانی هۆنراوەکە لە هەموو ڕوویەکەوە دەنوێنێت"(الصائغ،1987،ص20). وێنەی شیعری"لەرووی بەکارهێنانەوە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جودایە، هەروەها لەسەر دەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت، بەحوکمی ئەوەی شیعر لەسەر وێنە وەستاوە"(عباس،1979،ص230). کەچی (عبد المنعم خفاجی) دەڵێت"تاوەکو وێنەی شیعری ئەرکەکەی خۆی بە جێ بگەیەنێت پێویستە لەگەڵ هەڵچونەکان و کەشی تاقیکردنەوەکەدا هەڵ بکات و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بیرۆکەکەدا، چونکە گونجاندن و دارشتنی بابەتی چامەکە لە گرنگترین رەگەزەکانی وێنەی شیعرییە"(الخفاجی،1995،ل57).

وێنەی شیعری پەیوەندییەکی پتەوو راستەوخۆی لەگەڵ شیعردا هەیە بۆیە"وێنەی شیعری رۆڵێکی کاریگەرو گرنگی هەیە و هەندێ جار سەرتاپای شیعر دەگرێتەوەو دەبێتە تاکە رێگەی ئەفراندن لە شیعردا، هەر بۆیە رەخنەگران بە بنەمایەکی سەرەکی شیعری دای دەنێن"(مستەفا،2009ز،ل137). بەهۆی ئەوەی وێنەی شیعری یەکێکە لە رەگەزە سەرەکێکانی هۆنراوە، بۆیە رەخنەگر دەبێت لەم رەگەزە گرنگەی شیعر بکۆڵێتەوەو لایەنی جوانی و ناسکی و گرج و کاڵی نێو شیعرەدا وێنەکان بدۆزێتەوەو دەبێت ئەوەش بزانین کە"وێنەی شیعری وەك ئامرازی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکار دێت کە رێگا بە ڕەخنەگر دەدات بە ناخی دەقدا تێپەر بکات و نهێنییەکانی جیهانی دەق بەدی بکات" (ئەمین،2002،ل11). وێنەی شیعری بەشێوەیەکی یەکجار بەرفرەوان دەردەکەون کەچی"ئەو وێنە شیعرییانەی لە شیعردا هەن، وێنەی ئەو شتانە نین کە بوونیان هەیە، بەڵکو دروستکراوی خەیاڵی شاعیرە، واتە وێنەی شیعریی ناسینی شتەکان نییە، بەڵکو تێروانینێکی تازەیە بۆ شتەکان، هەر ئەمەشە وا دەکات وێنەی شیعریی بەهای ئیستاتیکی خۆی هەبێت"(حسێن،2008ز،ل94).

لە دەرپرینی ڕایەکان دا پێویست دەکات ڕایەکی تر گەڵاڵە بکرێت ئەویش ئەوەیە وێنەی شیعری"یەکێکە لە زاراوە رەخنەییە دیارەکانی نێو دنیای ئەدەب و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان و وێنەی شیعریش کێشانی وێنەی خەیاڵییەو کاریگەرییەکەی بە دەروون و توانای شاعیرە کەوە، پەیوەستە یا بەر هەست و جەستەیە یانیش بە پێچەوانەوە دروستکراوو بەر هەست نییە"(فەرحان وسلیمان،2017،ل173)

( د.دڵشاد ) بۆ وێنەی شیعری وا ئەڕوانێت"وێنەی شیعری زمانی ئەندێشەیەو هەموو ئەو دیاردە هەست پێکراوو هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستە کراوانە دەگرێتەوە" کە بەهۆی زمانەوە بۆ خوێنەرو گوێگر ئەنجام دەدرێت"(عەلی،1998،ل48) وێنەی شیعری ڕەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونیانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەی شاعیر دەردەکەوێت"وێنەی شیعری سۆزیکی نەپراوە یان کۆمەڵە بیرۆکەیەکە کە لە وێنەیەکی لێکدراودا پێکهێنراوە، بە هۆی وروژاندنی سۆزێکی باوەوە سەرچاوەکەیشی بریتییە لە هەستی شاعیر"(الزبيدي، 2008م، ص89). دەتوانین بڵێن وێنەی شیعری یەکێکە لە پێکهاتە هەرە گرنگەکانی شیعر بەهۆی"وێنەی شیعری لە شیعری کلاسیك دا زیاتر مۆرکێکی ڕەوانبێژی پێوە دیارەو ئەم لایەنە لە شیعری نوێدا کەم بەرچاو دەکەوێن و جۆرەکانی دیکەی وێنەی شیعری لە شیعری نوێدا کاریگەری خۆی هەیە"(کلاری،2008،ل104). هەردەربارەی وێنەی شیعری جەعفەر قارەمانی دەبێژێت"لەشیعری شاعیرێکەوە لەگەڵ شاعیرێکی دیکە جیاوازی هەیە، هۆکاری ئەم جیاوازیەش بۆ سروشت و سروشتێکی کە شاعیر تێدا دەژی و ڕازەکانی شیعری کە بە شێوازی جۆراو جۆرو ڕێژەیەکی جیاواز بەکارهاتوون دەگەڕێتەوە"(قارەمانی،1397ك،7).

کەواتە وێنەی شیعری"بریتییە لە مەبەست و بەرژەوەندییەکی شێوازییە، بۆ پاراستنی دەقی ئەدەبی لە شێواندن و شپرزە کردن، پێشکەشکردنی دەستەواژەیەکی واتادار، بەوپێیەی کە ڕێگە خۆشکەرێك بێت بۆ نوێگەری کە تایبەتمەندییەکی کاریگەری لەسەر زەینی پەیام وەرگر هەبێت" (بوزیانی،2007م، ص22) هۆنراوە کار لەسەر واقیعێکی مەزندەکراو دەکات، بەو واتایەی جیهان وەك خۆی تێدا دەرناکەوێت، بەڵکو وەك ئەوەی کە ئێمە وێنەمان بۆی کردووەو هێماڕێژمان بۆ کردووە، شاعیرمان بە کەرستەو بابەت بۆ وێنەی شیعری یەکجار دەوڵمەندە، بیرو ئەندێشەی بەرفرەوان و وردەوە هەموو کات سۆزەکانی دادەگرسێت، وشەو زاراوەکانی بەچەندین شێوە دەردەکەون و ئەزموونی لە جیهانی شیعری شارەزایی تەواوی لە هونەرەکانی هۆنراوە بەدەست گەیاندووە، ئەمانەش ڕێگە خۆشکەربوون بۆ درووست بوون و خولقاندنی وێنەی شیعری.

**تەوەرەی دووەم: پێکهاتەکانی وێنەی شیعری لە هۆنراوەکانی ناری دا.**

**1- زمان:** زمان دەبێتە کەرستەی شاعیر لە کاتی نووسینی هۆنراوەکەو شاعیریش لە ڕێگای هۆنراوەکەوە لە هەوڵی گەیاندنی پەیامەکە بە وەرگرە بە بەکارهێنانی کەرستە زمانیەکانی. واتە"زمان ئامرازی شاعیرە بۆ دەربڕینی بیرو بۆ چونەکەی لە نێو پەیامی هۆنراوەکەیدا، کەواتە زمان شێوەیە دەبێتە جلوبەرگ و قاوغێك بۆ بیری نێو پەیامی هۆنراوەکە، واتە زمان بۆ ڕازاندنەوەی بیرەکە دەبێتە جلوبەرگێکی قەشەنگ بۆ ئارایشکردنی بیرەکەو، بەخشینی لایەنێکی جوانی ئیستاتیکی بە دەقی وێنە بابەتیەکەی لەڕێی بەکارهێنانی ئەو وشە واتادارانە بۆ دەربڕینی بیری وێنە شیعرییەکە" (گەرمیانی،2000ز،79). ئەوەی روونە جوانی دەقی شیعری بەستراوە بە جوانی و دڵڕفێنی وێنەکانییەوەو جوانی وێنەش خۆی لە خۆیدا لە جوانی ئەو زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەرجەستەی دەکات، بۆیە"زمانی شیعری ناری وەك وشەی فەرهەنگی ئاسانە، بەڵام کە ڕستەو مانای لێ دروست دەکرێ هەندێ جار قورس دەبێ، ئەگەر زمانی شیعری لەگەڵ شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کورد بەراورد بکرێ، ئەو راستییە دەزانرێ ناری لەو شاعیرانە کەمتر وشەی بێگانەی بەکارهێناوە، بەگشتی تەعبیری ناری لە بابەت زمانەوە زیاتر کوردانەیە، واتە وشەی بێگانەی کەمتر بەکارهێناوە"(خەزنەدار،2005ز،ل203) زمان کەرەستەی سەرەکی شیعرەو یەکێکە لە پێکهاتەکان و رەگەزەکانی وێنەی هونەری، هەموو شیعرێك لە کۆمەڵە وشەیەك پێکهاتووە، ئەم وشانەش بە چەند ئامرازێکەوە لکاون، کەواتە زمان بنەمای پێکەونانی وێنەن و کەرەسەی سەرەکی خولقێنەری شیعریین"هەم خوڵقێنەری بیرەو هەمیش

قالبێکە کە هزری تێدا دەردەکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زمان میکانیزمێکە بیر دروستدەکات، هزریش لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، چونکە بیرکردنەوە بەبێ زمان مەحاڵە"(احمد،2022ز،ل50).

واتە دەتوانین بەڵێن زمان بریتییە لە"زمان لە شیعردا وەك کەرەستەیەك لە بواری گێرانەوە بەکاردێت، هەروەها بۆ بەرجەستەکردنی بیری شاعیریش لە نێو دەقەکەیدا بەکاردێت و بەم شێوەیە بەهاکانی زمان لە نێو شیعردا بەرجەستە دەبێت و شاعیر بیرو سۆزو ئەندێشەو نەستی لە ڕێگەی زمان ڕەگەزێکی گرنگ و دیاری بنیاتی وێنەی هونەریە"(حسێن، 2018ز، ل83)

ناری شاعیریش شاسوارانە ئەسپی خۆی تاوداوە لە بایەخدان و گرنگی بەم کەرستە شیعرییە کە دەبینین لەم دێرەدا زۆر بەجوانی بەهای زمان(کلام)دەردەخات، چ لە گەیاندنی ئەرکە ئاییەنیەکە بێت و چ لە بنیاتی وێنەی شیعریەکەدابێت:.

{عەکسی ئەلفی قامەتی ئبرۆتە گەر(نون والقلم)}

{صدیقی مەوزونی کەلامت کەشفی(ماأوحی)دەکا}(دن:41)

مەبەستی شاعیر لە ڕووی زمانەوە ئەوەیە ستایشکردنی پێغەمبەری خۆشەویستمانە ئەویش بێگومان لە رووی جوانی ودیمەن و هەروەها لە رووی وتەو فەرموودە بە نرخەکانێتی کە چەندێك چێی بایەخ و لە رووی زمانەوانییەوە رێك و پێکەو واتادارو کێش و سەروادارن، ناری شاعیر دەڵێت: وێنەی باڵای رێکت کە ئەڵێی ئەلفەو ئەبرۆت کە لە شوشەی ئەو مەرەکەبە دەچێت کە ڕاستگۆیی هەموو کەلامەکانت کە قورئانی پیرۆزە بە وەحی بۆت رەوانکراوە لە لایەن خودای گەورەو مەهرەبانەوە. هەروەها ناری شاعیر وێنەیەکی ترمان پێ دەبەخشێ، لەرێی دەقێکی تری خۆی بە های وشەو ووتەکانیمان بۆ دەخاتەڕوو ئاماژەش بۆ پاش کۆچکردنی خۆیمان بۆ دەکات.

{کەلامم قەندە چی بکەم(ناری)یا بێ مشتەری ماوە}

{مەگەر بمرم بلێی داخی گرانم شاعیرێ چابوو}(دن:175)

ناری لێرەدا دەبێژێت: وشەو زمانم بە وێنەی قەند شیرینە، گەرچی پر لە واتایەو بەڵام گوێ ڕایەڵی نییە، ئێستا کە لە ژیاندا ماوم ووتەو ئاخاوتنەکانم هیچ بەهایەکی لاتان نییە، مەگەر کاتێك هەستی پێ دەکرێت لاتان مەگەر پاش کۆچکردنم، ئەگەری هەیە دوای مردنم بلێن شاعیرێکی باش بوو.

**2- بیر:** بیر لەو واتایەدایە کە دەق دەگرێتە خۆی، ئنجا ئەو دەقە شیعر بێ یا پەخشان"بیرۆکە وێنەی ژیری ئەزموونە، لە کاتێکدا وێنەی شیعری هاوتا کاری هونەریی بیرۆکەیە، شاعیر هاوکێشە بیرییەکان دەگۆڕێت بۆ ئەزموونی هەستی.... کەواتە شاعیر کەش و هەوای شیعری بۆ ئەو بیرۆکە زەینییەی کە دەیەوێت چارەسەری بکات دەڕەخسێنێت، ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان شاعیرو بیرمەندایە" (عساف، 1982، ص12)

ئەوەی ئاشکراو روونە هەموو شیعرێك سەرەتا بیرۆکەیەکە بە مێشکی شاعیردا هاتووەو پاشان شاعیر پەرەی پێداوەو شێوازی شیعری پێ بەخشیوە"شیعر بیرۆکەیەکە لە ئەنجامی کردارێکەوە خۆی دەنوێنێت و دەردەکەوێت، چونکە هەر شیعرێك بخوێنینەوە بیری تێدایەو شتێك دەگەیەنێت، وێنەی هونەریش هەڵگری بیرە بۆیە ئێمە چێژی لێ وەردەگرین"(عیسا،2009ز،49) بیر ئەو رەگەزە بەنرخەی وێنەی شیعرییە، کە شاعیر ناکرێت لە شیعردا دەستبەرداری ببێت، بێگومان هەموو وێنەیەك لە بیرێکەوە سەرچاوەی گرتووەو ئەوبیرەش نەبوایە وێنە شیعرییەکەش دروست ناکرا"هەموو هۆنراوەیەك بەلامانەوە دەبێ خاوەن بیرێك بێت لەرێی وێنەکانیەوە بۆ خستنەڕووی سروشتی بیری نێو وێنە هۆنراوەییەکان پابەند دەبێ بە سروشتی ئەو چێژەی شاعیر دەیەوێ لای پەیامەوەرگرەکەی دروستی دەکات"(گەرمیانی،2000ز،96). ناری شاعیر چەندین لە بیرە پرشنگدارو فەلسەفییەکانی بە وێنەی قەشەنگ رازاندۆتەوە بۆ

پەیام وەرگرو بیرۆکە بەهادارەکانی کردۆتە نێو دەریای لێکدانەوەو وردبینییەوە بۆ وەرگر. ئەوتا لەم دەقە شیعرییەی دەبینین چۆن دەیخاتەروو.

{رەهزەنی فکرم: پەناگاهی، یەخەی بگرێ بەزۆر}

{وەهمە کەس قابیل نیە، دزبێ، لەباغی سێودا}

{باغی: گوڵ خەندانی، ئەفعا: باغەبانی،طیفلی دڵ}

{چوو لەبۆ غونچەی دەمی ڕەشماری زوڵفی پێوەدا}(دن:45)

ناری دەڵێت:بیرم لەوە کردۆتەوە وەك ڕێگرێك لە پەناوە یەخەی یارم بگرم و بە زۆرملێ دەست بەرەو باغی سێوانی سینەی درێژ بکەم، کە ئەمەش بێ گومان بە دزی ناژمێردرێت، بەهۆکاری ئەوەی لە یاسای رەزی گوندەکان دا سێو خواردن لە هەر باخێکی سێودا قەدەغەکراو نییەو رێپێدراوە، هەروەها شاعیر بیری خۆیمان بۆ دارێژێت و دەڵێت: خەندەی دەمی یار ئەڵێی باغی گوڵەو باخەوانی ئەم باخەش زوڵفی یارەکەیە، بۆیە دڵم وەك منداڵی نەزان چوو بۆ غونچەی دەمی یار، کەچی هەردوو زوڵفی رێی لە دەمم گرت و پێوەی دا بە شێوەی مار. یا شاعیر لەم دەقەی دیکەدا بەنێو جیهانی بیرو هۆشی خۆیدا، ئەمانباتە ئەو ژووری تەنیایەی خۆی،و ئازاری تەنیایمان پیشان دەدات کاتێك مرۆڤ پاش کۆچی دۆستانی چۆن ژیان بەسەر دەبات.

{رەفیقانم هەموو رۆیین لە دێ دا}{بە تەنها هەر ئەمن ماوم لە جێ دا}

{لەبەر دنیا نەما یادی قیامەت}{خودا چیبکەم لەمێدا، یا لەوێ دا}(دن:46)

(ناری) لەم دێرەدا دوو وێناکردنی جیاوز دەکات بۆ دوو شوێن ئەویش ژیان و قیامەتە، دوو وێنەی جیاواز لەگەڵ دوو پێوەری جیاواز یەکەمیان کەمەندکێشکردنی مرۆڤە لەلایەن سەرقاڵییەکانی دونیاوە، دووەمیش لە دەستدانی قیامەتە بەهۆی دونیاوە. واتە ناری لە نێوان دوو وێنەی نەرێنیە، ئەو وێنانەش بە هۆی بیرکردنەوەی نەرێنیەوە دروست بوون سەرنجام شاعیر ئۆقرەی نییە نە لێرەو نە لەوێ و ڕادەی شڵەژانی دەروونی نووسەر بەرجەستە دەبێت.

**3- سۆز:.**

وەك دەووترێت شیعر واتا عەشق ئنجا ئەو عیشقە راستە قینە بێت یان مەجازی بێت و مەبەستی سەرەکی سۆز دەربڕینە"هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی کە پێی بوترێت شیعر بوونی نییە، ئەگەر لە بنەڕەتدا سۆزی تێدانەبێت"(الجنابي،1972،ص70) بە شێوەیەکی تر گەر پروانینە سۆز دەبینین"وێنەی جوان و رازاوەو بە پێزو کاریگەر ئەو وێنەیەیە کە لە هەست و سۆزێکی گەرمەوە هاتۆتە ئاراوەو لە نێو وێنەکانی تری دەقەکەدا شوێنی خۆی کردۆتەوە بە جۆرێك کە کاریگەریەکی تەواو لەسەر خوێنەر بکات هەڵیکێشێ بۆ ناخی دڵ و دەروون و ڕایان چڵەکێشێت و لەگەڵ کیانادا ئاوێتە بێت و هەمان هەست و سۆز لای خوێنەر بەرپابکات کە لەلای شاعیردا هەیە"(عیسا،2009ز،ل70) گەر بەمانەوەێت جارێکی ترو بە ڕایەکی تر سۆز بناسێنین ئەوا سۆز واتە "هێزێکە لە دەروونی خوێنەری وێژەدا بەهۆی خوێندنەوەی تێکستێکی وێژەیی بەرپادەبێت و پەیوەندییەکی ویژدانی و بیری لە نێوانی ئەو خوێنەرەو دانەری تێکستە وێژەییەکەدا بنیات دەنێ"(عزیز،1983، ل172)

بۆچەسپاندنی وێنەی شیعری لە هەر دێرە شیعرێك پێویستی بە سۆزێکی کاریگەر دەبێت چونکە"وێنەی شیعری بەبێ رەگەزی سۆز ناتوانێت هیچ کاریگەرییەك لەسەر بەرانبەر دروستبکات، بەمەش ئامانجێکی گەورەی پشت وێنە هونەرییەکان، کە دروستکردنی وروژاندن و کاریگەرییە لەباردەچێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی نەبوونی دەبێتە هۆی لاوازی رەگەزی خەیاڵ"(احمد،2022ز،ل62). شاعیرمان ناری لە یار دەروانێ و پێی دەڵێت گەر لە بارودۆخی من دەپرسی بەهۆی دووری لە رووی تۆی یار ئەوا وەڵامم بەم شێوەیەیە.

{گەر دەپرسی حاڵی پەروانەی دڵ دوربێ لە رووت}

{وا لە سۆزش دا لە سایەی شەوچرای گۆناتەوە}(دن:237)

ناری ئەشق و سۆزی خۆیمان بۆ یار لەم دەقە شیعرییە دێنێتە بەر دیدەو دەڵێت: ئەگەر ئەپرسی لە حاڵی دڵی من بۆ دووری تۆ(دووریێت لە رووی تۆ) هەمیشە وەکو پەروانە لە سووتاندایە، چۆن دووری چرا کاری تێدەکات و نزیکی چراش باڵەکانی تووشی سووتان دەکات، دڵی منیش بە دەوری گۆناتەوە کە ئەڵێی چرای شەوە رووناکی بڵاودەکاتەوەو سووتاوە. جارێکی تر شاعیر سۆزو خۆشەویستی خۆیمان لە دێرە شیعرێکی دیکەدا بۆ دەخاتەڕوو.

{چەند بە شیرینی دەچێ قیبلەم لە ڕێگەی مەکتەبا}

{رۆحی شیرینم فیدای خاشاکی مەکتەب خانە بێ}(دن:299)

شاعیر لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەند بە جوانی و شیرینی سۆزو مەیلی خۆیمان بە ئاراستەی قوتابخانە دەکات،و رووحی ڕەوانی قوربانی ڕێگاوبان و خۆڵ و خاشاکی قوتابخانە دەکات.

**4- ئەندێشە:**

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەڵێن خەیاڵ پێکهێنەرێکە لە ئافراندنی مرۆڤایەتی دا، هەمیشە لە خزمەتی ئادەمیزادایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وەك پلاندانان بۆ ژیانی داهاتووی مرۆڤ، بیرۆکەی داهێنانی تێیدا دەڕێژرێت، ئەمەش دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ بە دیهێنانی دەستکەوتەکانی داهاتووی"یەکەی خەیاڵکردن لە مرۆڤدا، وەك کارخانەیەك ڕۆڵ دەبینێت، کە کێشەو پرسیارەکانی ژیان و کەرەستە سەرەتاییەکانی ناو سروشت و کۆمەڵگا وەردەگرێت و بەپێی پێویستی و خواستی عەقڵی و دەروونی ژیانی خودەکان داهێنان و دروستکراوی نوێ بەرهەم دێنێت یاخود گۆڕانکارییان بەسەر دادێنێت و دەیان گۆڕێت بۆ فۆرمێکی نوێتر"(مەلازادە،2020ز،ل463) ئەندێشە دەبێتە رەگەزێکی هەمیشە پێویستی شیعر بەگشتی و وێنە بە تایبەتی"ئەندێشە رەگەزێکی یەکجار گرنگە لە رەگەزەکانی وێژە، چونکە بەهۆیەوە ئەم چالاکیە ئادەمیزادانەیە، لە زانست جیا دەکرێتەوە، هەروەها شوێنەوارەکانی کەسایەتی و ژینگەی وێژەر دەردەبڕن و رێگەیەکە بۆ هەست و نەستی خوێنەران"(عەزیز،2003ز،ل118). کەچی بەڕای نووسەرێکی عەرب وێنەی ئەندێشە واتە"وێنەی ئەندێشەیی بریتییە لەو پەکانەی کە زاڵبوونی لەسەر کردەی خەیاڵی دەچەسپێنێ و واتای گونجاندنە لە نێوان دڵ وژیری، لە نێوان تێبینی راستگۆیی و خاوەن ئەندێشەیی و نێوان هەستی و بێ لە هەستی"(ناصف،بدون سنه طبع،16) هەروەها "ئەندێشە سەرچاوەی هەموو وێنەیەکە لە هۆنراوە، هەموو وێنەیەك پێکدێت لە ئەندێشە پێش پێکهێنانی لە زمان دا، بۆیە لە کۆندا شیعر ناسراوە بە ئاخاوتنێکی کێش ئەندێشەدار"(بلغیث،2009م،ص36) ئەندێشە هێزێکە لە هێزەکانی دەرونی ئادەمیزاد وێژەر بەهۆیەوە دەتوانێت وێنەی یادگارییەکان و داهاتووەیەکانی لە ڕێگای وێنەی شیعرییەوە بەیەك بگەیەنێت"ئەندێشە بریتییە لەو توانایە، کە شاعیر بەهۆیەوە دەتوانێ وێنەی ئەندێشەیی تاقیکردنەوەکانی رابردووی دروست بکاتەوە، هەروەها ئەندێشە توانایەکی گرنگی هەیە وامان لێدەکات رابردوو و داهاتوو پێکەوە ببەستین، هەروەها ئەندێشە بە سوودە بۆ چێژ وەرگرتن و بۆ داهێنانی هونەریش"(گەرمیانی،2000ز،ل95)

لە میسر کاتێ پێغەمبەر یوسفی راستگۆیان وەك کۆیلەیەك لە بازاردا خستبووە مەزادەوە، لەو کاتەدا پیرەژنێك بە گلۆلەیەك دەزووەو دەیویست بەشداری بکات ئەویش بۆ خۆ دەرخستن و نواندن و کە ئەویش بەشداربووە لەو مەزادە، پاشانیش بەووترێت پیرێژنەش هاتووە ئەو منالە جوانە بکڕێت، شاعیرمان وێنە خەیاڵی خۆی بە چەشنی خەیاڵی بیرەژن دەبات لەم دەقە شیعرییەی.

{سەودایی مەهی میسرە، ئەی نەفسی عەجوزی من}

{چۆن نەقدی ئەمەل پەشمە، زووبێنە، دەزووبێنە}(دن:214)

ناری دەیەوێت بەڵێت ئەم خەیاڵ خاوییەی من هەروەکو ئەو خەیاڵەی پیرەژنەیە کە کاتی خۆی لە میسر ویستی بە گلۆڵەیەکی دەزوو حەزرەتی یوسفی راستگۆ بکڕێت. لە دەقێکی ترو خەیاڵێکی تری شاعیرمان دەچینە شێوە ئەدێشەیەکی جیاوازترو بە پێزتر.

{مەنعی قوللابی موژەی ناکەم لە ڕاکێشانی دڵ}

{بۆ:ئەسیری چاوی مەستی پڕ خەوی ئەی باتەوە}(دن:236)

ناری لەم دێڕەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیچ رێگرییەك نەماوە لەبەردەم برژانگی وەك قولابی بۆ بەندکردنی دڵم، چونکە بە چاوی مەستی خەیاڵ و بێ هۆشی کردووم.

**5-نەست:.**

بنیاتنانی وێنەی شیعری لێرەدا بە هۆی هەڵوێستی نامۆیی یە لە واقعیدایە،و پاشان لە تێروانین یەکبوونی ئازارو چێژوەرگرتن دایە، واتە تێرامانی خودی شیعرییەت کە چێژوەرگرتنە لە ئازاردا، بۆیە"نەست دەبێتە گەنجینە بۆ هەموو ئەو حەزو ئارەزووانەی، کە هەر لە منداڵییەوە لای مرۆڤ کۆدبنەوەو کپ دەکرێن، بەبێ ئەوەی خودی مرۆڤەکە بزانێت ئەو شتانە چین و کەی سەرهەڵدەدەن و چ کاردانەوەیەکیان لەسەری دەبێت؟ واتە مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نییەو لە کاتی نائاگاییدا دێنە دەرەوە،بێ گومان ئەم شت و دیاردەکپکراوانە دەبنە کەرستەیەکی دەوڵەمەندو بە پیت بۆ لە دایکبوونی وێنەی شیعری"(کەریم،2012ز،ل51) نەست کۆگایەکی رۆشنبیری و دەروونیە کە لە ناخی هونەرمەندەو رۆڵێکی کاریگەردەبینێت لە دروستکردنی وێنەی شیعری"پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی شتێکی ئاشکرایە، زانستی شیکاری دەروونی بە دوای ئەوەدا وێڵە ئایا دەروون کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە یا بە پێچەوانەوە یاخود کاریگەرییەکە دوو لایەنییە، دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات ئەدەبیش دەروون دروست دەکات، ئەدەب بە دوای ڕاستییەکانی ژیان دا دەگەڕێ تاکو دڵ و دەروون رۆشن کاتەوە، دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکو ئەدەب بنێتە ئاراوە"(گەردی،2004ز،ل88) نەست رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە خولقاندنی وێنەی شیعری"نەست وەکوو رەگەزێکی گرنگ بەشدار دەبێت لە دروستکردنی وێنە هونەرییەکاندا، بەو مانایەی لایەنە شاراوەکانی دنیا تایبەتی و گشتییەکەی شاعیر، کە کەوتوونەتە قوڵایی ناخی شاعیرەوە لە دنیا پەنهانەکەیدان، لە هەندێ باری تایبەتیدا سەردەکەونەوە"(احمد،2022ز،ل64). ناری شاعیر کاتێ تەعبیر لە خەم و ئازارەکانی خۆی دەکات، ئەو کات بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لەسەر دەروون و نەستی دەدوێت، ئەوەتە لەم دەقەدا بە نەست هەستی خۆی رەنگڕێژکردووە.

{لە نەفسی خۆمە ئەمرۆ موددەعی بۆ من لە دنیادا}

{لە بەدخواهی ڕەفیقی شووم و یاری بێ وەفا چییکەم}(دن:151)

شاعیر دەڵێت کەوتوومە نێوان دوو هاورێ، یەکێکیان نەفسی خۆمەو کە شومەو ئەوەی تریش دونیایە، خۆمیش هەمیشە دوای هەواو هەوەس دەکەوم و ئەوەی تریش کە دونیایە وەك یاری بێ وەفا وایە هەرکاتێ بییەوێت دەست بەردارم دەبێت و دەرواو کۆچ دەکات. یان لە دەقە شیعرێکی تردا شاعیرمان بە شێوەیەکی ئاماژە بۆ نەست دەروون دەکات و لە ڕێی بنیاتی شیعرییەوە وێنەیەکی قەشەنگمان پێشکەش دەکات.

{لە شوعلەی ئافتابی تەلعەتت یەك مانگە مەحرومم}

{لە ژێر باری غەما پشتم هیلالی خەم نەکەم چی بکەم}(دن:154)

ناری دەڵێت: لە تیشکی خۆری دەرکەوتنت یەك مانگ چاوەڕوانم و بێ بەش بوومە لەو رووناکییەدا، وە لە ژێر باروحاڵی خەفەت و هەست و نەستی خەمی دووری تۆ پشتم

چەمایەتەوە وەکو چۆن مانگ لە کۆتاییی مانگژمێریدا بە شێوەی هیلال دەردەکەوێت، منیش گەر بە هۆی خەمی تۆوە کە پیربوومەو پشتم نەچەمێنمەوە ئەی چیبکەم.

**6- واقع(کەتوار):**

وێنەی شیعری لە هەر کردەیەکی ئەدەبی دا، بریتییە لە ئامرازە هونەرییەکانی شاعیرو دەربڕینەکانێتی بۆ ئەزموون و وێنای دیمەنە واقعییەکانی خودی شاعیردا، بۆیە"وێنەی شیعری بریتییە لە کرۆکی هۆنراوەو ئامرازەکانی شیعرو توانای شاعیر لە ئافراندن و داهێنان دایە"(ركابي:2019م:13).

لە رەخنەی ئەدەبی نوێدا"چەندین تێبینی ئاراستەی وێنەو ئەرکەکانی وێنە دەکرێت، خستنەرووی چەندین ووتە، کە ئەمانگەێنێتە ئەو پروایەی پەیوەندییەك هەبێت نێوان باری دەروونی و ئەزموون و ئەو واقیعەی کە داهێنەر تیایدا ژیاوەو کاریگەری لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەردایە" (الغزالي،2011م،ص268) ئەندێشەی هۆنراوەی بابەتی، هانا بۆ کەتوار دەبات"چونکە شاعیر بێ ئەوەی پەنا بۆ واقع و بابەتو شتە راستەقینەکان ببات ناتوانێت لە خەیاڵیدا وێنەی ئیستێتیکی و گونجاو لەو بوونانەوە بۆ مەبەست و بوونەکانی تری بکێشێتەوەو واتە مرۆڤ لە رێگەی هەستەکانەوە درك بە کەرستە بەرجەستەیەکان دەکات و دەیان گوازێتەوە بۆ ناو خەیاڵی خۆی"(مەلازادە،2020ز،ل496)

شاعیر وەکوو هەر تاکێکی تری کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر کاریگەری واقیعەوە"لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریدا واقیع بەشی خۆی تیایا رەنگدەداتەوە ئەو رەنگدانەوەیە زۆر بێ یا کەم هەرگیز ناتوانرێ پشتگوێ بخرێ، لەگەڵ ئەوەشدا خودی واقیع ناتوانێ بە یەکجاری زاڵ ببێ بەسەر خودی شاعیرەکە بە شێوەیەك لە شێوەکانی ڕەنگدانەوە لە نێو خودی هونراوەکە خۆی دەخاتەڕوو" (گەردی،2004ز، ل78). شاعیر ناتوانێت خۆی لە واقع بدزێتەوە، بەحوکمی ئەوەی خۆی ئەندامێکە لەو کۆمەڵگایەی کە تێدا دەژیت بۆیە"شیعر پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە واقیعەوە هەیە شاعیر بەر لەوەی شیعر بنووسێت هەست دەکات، گرێیەکی دەروونی لادروست بووە ئەم گرێیەش لە دیاردەیەکی واقیعییەوە دروست بووە، هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت و شتە ناوەکییەکان دەخاتەڕوو گرێی دەروونی دەکاتەوەو خۆی بە شیعر دەسپیرێت"(عیسا،2009ز،ل66) بەپێی ئەوەی کەتوار هەموو ئەو شتانە کە لە دەوروبەری شاعیرن بە خودیی و بابەتییەوە دەگرێتەوە"شاعیر لە واقیع ڕووداوەکان وەردەگرێ و پەردە لەسەر ڕاستییەکان لادەدات و بەشێوەیەکی هونەرییانە باسی دیاردە زەقەکانی سەردەمی خۆیمان بۆ دەکات" (عباس وحسين، 2022ز، ل440).

رزق و خاك و نیشتمان وکەرامەتی مرۆڤایەتی ئەم چوارە زۆر کات بەهای ئادەمیزاد لە واقعی ژیانی کۆمەڵ دەخاتەڕوو بۆیە دەبینین ناری شاعیر ئەیبەستێتەوە بە وێنەیەکی واقعی:.

{ئەم خاکە کە قووتی شەرەفی ماوە لە بەینا}

{خاڵێکە لە(سن)و هەم لە کولەی جەهلی مورەکەب}(دن:73)

لەم دێرەدا ناری شاعیر دوو وێنەی شیعری لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگادا بە یەك شێوە دەبینێت، بەجەهلی مورەکەبیش ناوی دەبات، ئەویش دەڵێت بەڵاوبوونەوەی نەزانین لە نێو خەڵکی داو بەڵاوبوونەوە سن و کولله لە نێو کشتوکاڵ دا، هەروەها دەڵێت ئەم خاکە کە کوردستانە و خاکی نیشتمانە کە قووت و کشتوکاڵی شەرەفی ماوەتەوەو هیچ کەس نەیتوانیوە لەناوی بەرێت. تکا ئەکەم هەوڵێك بدەن پاکی بکەنەوە جەهلی مورەکەب کە تازە تێدا پەیدابووەو کە بۆ لە ناوبردنی هەوڵ و هەمەتی دەوێت، زۆریش لە(سن و کولله) خەراپترە بۆ واقعی ژیانی کۆمەڵگا. ناری لە دەقێکی تردا ئاماژە بۆ وێنەیەکی واقعی بەشێکی تری ژیانی کۆمەڵگا دەکات و ئەویش ژیانی دەروێشەکانە کە لە سەردەمی رەزا شادا غەدریان لێ دەکرا،

{پرچی دەروێشە بە دەم باوە ئەڕۆ} {هەروەکو پووش و پەڵاشی شارەزوور}(دن:112)

دەروێشەکان بەشێوەیەك غەدریان لێ دەکرا هەر کاتێك گەر لەبازار بگیرایە یەکسەر قژی ئەتاشرا بۆیە شاعیرمان دەڵێت پرچی دەروێش بەدەم باوە ئەڕوات لەسەر زەوی وەکو پوش و پەڵاشی شارەزوور.

**بەشی دووەم: جۆرەکانی وێنەی شیعری لەهۆنراوەکانی ناری دا.**

**تەوەرەی یەکەم: وێنەی شیعری لە رووی هەستەکانەوە.**

وێنەی هەستی بریتیە لە بەژداربوونی هەر پێنچ هەستەکەی مرۆڤ لە دروستکردنی وێنەدا، بۆ نموونە ئەووترێت ئەوە وێنەی بینینەو ئەویش گوێگرتنەو ئەوەی تریش بۆنکردنەو ئەمەیانیش بەرکەوتنەو پێنچەمیش چەشتنە. زۆربەی رەخنەگران و نووسەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە تاقیکردنەوەکانی رۆژگاری ژیانی تایبەتی شاعیر و ئەزموونی شاعیر لە بەرگەی رۆژگاری سەختی ژین رۆڵ و کاریگەری تەواو دەبینێت لە شێوەو چۆنێتی دەرکەوتنی وێنە لە نێو دەقە شیعرییەکانی شاعیر ئەوتا دەبینین پەخشان عەلی دەڵێت"هەتا ئەزموونی شاعیر قووڵ و فراوان بێت وێنەکان زیاتر بە پێزو کاریگەر دەبن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە وێنە شتێکی ویژدانیەو پەیوەستە بە ناخ و دەروونی شاعیرەوەوە لێیەوە هەڵدەقوڵێت"(ئەحمەد،2009ز،237). وێنەی شیعریش پەیوەندی پتەوی بە هەستی مرۆڤەوە هەیە بۆیە"وێنەی هەستی ئەو دیاریدانەی کە مرۆڤ لە سروشت هەستیان پێ دەکات بە شێوەیەکی هونەری دەیانخاتەڕوو"(مەعروف،2005ز،ل20)

**1- هەستی بینن:.**

شاعیر ئەو شتانەی کە لە سروشتدا هەستیان پێدەکات دەقاودەق نایانگوازێتەوە بەڵکو هەست و سۆزی خۆییان دەخاتە سەرو هەوڵدەدا بە شێوەیەکی تازە بیان خاتەڕوو، بەهۆی ئەوەی وێنە هەستییەکان تۆمارێکی فۆتۆگرافی سروشت و لاسایی کردنەوەی نییە، وێنەی بینین"ئەووێنانەن کە لە ڕێگای چاوەوە دێن، لە هەموو وێنەکان ڕونترن و لە ڕاستیەوە نزیکن، ئەوەی چاو دەیبینێ وەك خۆی دەیدا بەمێشك و لەوێدا دەمینێتەوە، شاعیر ڕاستەوخۆ یان پاش ماوەیەك توانای ئەوەی هەیە بیگۆڕێ وشێوەی تازەی لێ دروست بکات کە لەگەڵ ئەندێشەیدا بگونجێتە"(مەحمود:2007ز،146) بەهۆی ئەوەی هەستی بینین لە سەرەکیترین هەستەکانی مرۆڤە، شاعیر وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێشییان لێی دەخولقێنێت، ئەو جۆرە شتانە دەگرێتەوە کە بەر ئەم جۆرە هەستەی مرۆڤ دەکەون"بابەتی وێنەی هەستی بیبین وێنەیەکی درکپێکراوە پێشکەشی پەیاموەرگر دەکرێت و دووبارە لە میانی گۆڕانکارییەکی گونچاودا پێك دەهێنرێتەوەو لەگەڵ راستگۆییەکی بیناو کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هۆشیاری و زەینی پەیاموەرگرەکە هەبێت"(الجريسي،2022م،ص6). بێگومان شاعیر لە ڕێگای هەستەکانەوە دەچێتە ناخی سروشت و دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی لێ وەردەگرێت، کەچی وەکو خۆی وەری ناگرێ، بەڵکو گۆرانی بەسەردا دێنێت و دەیکات بە دروستکراوی خۆی"دیاردەکانی سروشت بۆ ناخ و دەروونی شاعیر دەگوازێتەوە، لەبەر ئەوەی، چاو بە ئاسانی بەشێکی زۆری شتە ماتریالیەکانی گەردوون دەبینێت"(حمەکەریم،2017ز،ل38).

ناری شاعیر لەم دێرە شیعرەدا چەند جارێك ئاماژەی بۆ دەکات، جارێك خوازەیە بۆ چێناوی یارەکەی جارێکیش بۆ چاوی راستەقینەی خۆی، جارێکیش بە ناراستەوخۆ مەبەستی لێی چاوی یارەکەیەتی:.

{چاوەکەم بۆ باغی حوسنت مەنعی چاوی من مەکە}

{لازمە بۆ پاسەبانی باغەکەت جووتێ عەسەس}(دن:200)

شاعیر دەڵێت:خۆشەویستم بۆ بینینی باغی ناسك و نازی چاوت، قەدەغەی چاوی من لە جوانییە مەکە، چونکە بۆ باغی جوانی چاوی تۆ پێویستە چووتێ پاسەوان، ناری

وێنەی تێروانینی چاوی خۆی بۆ چاوی جوانی یار بە تێروانینی پاسەوانێك ئەشوبهێنێ كە كاتێك پاسەوان كاری خۆی ئەنجام دەدات.

بەشێوەیەكی دیكە دەتوانیین بەڵێن: شاعیر دەبێژێت چاوەكەم واتا یارەكەم كە هێندەی چاوەكانم گرنگی لام، بۆ بینینی باخی جوانیت ڕێگری لە چاوەكانی من مەكە، چونكە باخەكەی تۆ پێویستی بە پاسەوانەو جووت چاوی منیش باشترین پاسەوانی (حەسحەس)ی ئەو باخەیە، ئەم وێنەیە وێنەیەكی هەستییە هاوكات ئیرۆتیكی شاراوەیە.

ئەوەی باوە نەخۆش كاتی درنگانی شەو زۆرتر هەست بە ئازاری ئێش دەكات. ناری ئەم وێنەیەی بە نموونە بەكارهێناوە بۆ دەرپرنی ئازاری دووری یار.

{دڵ لە شامی پەرچەمی رووتا بەدایم بێ خەوە}

{چونكە كێشك چی بەشەودا عادەتی بێ داری یە}(دن:258)

شاعیر دەڵێت: پەرچەمت بەری خۆری رووتی گرتووە، دڵم هەمیشە لەلاتە، چونكە شەوی ئەم ئێوارییە ئەبێت بێ خەوبێت وەكو بێدارو پەشێوە بۆ ئەوەی هەر كاتێ پەرچەمت لاداو رووت دەركەوت ببینێت.

## 2- هەستی بیستن:

هەستی بیستن ئەو وێنانە دەگرێتەوە كە بەر هەستی گوێچكە دەكەون"گەلێك دەنگ و ئاوازی جیاواز هەن، كە كار دەكەنە سەر هەست و سۆزی شاعیرو سەرنجی بۆ وێنە گرتنیان رادەكێشن و لەو ڕێگەیەوە وێنە بیستراوەكان دێنە بەرهەم"(كەریم،2012ز،ل271). كەچی بە ڕای نووسەری عەرب(مقداد خليل) هەستی بیستن بریتییە لە" وێنەی هەستی بیستن بە پێی باسكردن و پەی پێبردنی هەستی بیستن كە رۆڵێكی گەورەی هەیە لە وێنەكێشانی هەڵوێست و بنچ بەستكردنی واتای هۆنراوە، ئەویش بەهۆی ژیرییە هەستییەكانی شاعیر، بەتایبەتی هەستی بیستن"(الخاتوني،2014م،ص199) دەربارەی هەستی بیستن د.هاوژین صلیوە دەبێژێت "ئەو وێنانە دەگرێتەوە كە بەهەستی بیستن دركیان پێدەكرێت، هەر وێنەیەكی شیعری لەسەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسیقا بنیاتنرابێ، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەكە دەكرێت"(عیسا،2009ز،ل184). ناری وێنەی هەستی بیستن نایابانە لە دەقە شیعرییەكانی خۆی دا رەنگڕێژ كردووە، وەك لەم دێڕە شیعرەدا دەردەكەوێت: {بۆ نەوای سازو تەموورە كونی گوێ بازو گوشادە}

{بۆ صەدای بانگ و صەلا بێ كون و سەنگین و كەڕو}(دن:231)

ناری شاعیر وێنەیەكمان بۆ دەكاتە بەردیدە ئەویش ئەو وێنەیەیە كە تێیدا دەڵێت هەستی بیستن لەلای هەندێ مرۆڤ بە دوو جۆری جیاواز دەنگەكان دەبیستن، بەم شێوەیە كاتێك كە دەنگی ئاوازو ئامێری مۆسیقابێت هەردوو كوێیان كراوە دەبێت و گوێ بیستی تەواوی دەنگەكان دەبن، كەچی كە بانگ و صەلای مەزگەوت بێت ئەو كات هەردوو كونی گوێیان گیراوو گرانە. یان لە دەقێكی تردا وێنەی هەستی بیستن بە چەشنێكی كە بەكاردەهێنێ.

{ بێ جیلوەیە تەسبیحی كەفی جەزبەیی صۆفی}

{تا فیكری مەی و دەنگی نەی و سازی ئەمەل بێ}(دن:269)

ناری دەوڵێت بێ سودو بێ مایەیە زكرو تەسپیحات و تەهلیلاتی دەست و زمانی دەمی صۆفی، تاكو بیری لەلای مەیی بێت و ئاوات و هیوای بۆ دەنگ و گوێ بیستی مۆسیقاو ئاوازێت.

## 3- هەستی بۆنكردن.

هەستی بۆنكردن ئەو وێنانە دەگرێتەوە كە لە ڕێگای هەستی بۆنكردنەوە وەردەگیرێن"ئەو شتانەی كە بەجۆرێك لە بۆن دەناسرێتەوە تەنها بە ڕێگەی ئەم

هەستەوە درکیان پێدەکرێت و چێژیان لێوەردەگیرێت و هەر بە رۆڵی ئەو هەستەش لە وێنەدا دەچنرێت و دەخرێنەڕوو"(کەریم،2012ز،ل274). ناری وێنەیەکی هەستی بۆنکردنمان بۆ دەستنیشان دەکات لە ڕێی دەقێکی شیعری، ئاماژە بۆ کەسی خاوەن کردەوەیەی لەرادەبەدەر بێت و لە توانای هەموو مرۆڤ دا نییە. ئەوەتا دەڵێت:

{گەر خواریق بێ، مەزەی حەڵوا لە پرویشا هەیە}

{ رەونەق و بۆنی خوادۆزی لە درویشا هەیە}(دن:249)

هەروەکوو چۆن بە داوای پیاوچاکان برویش تامی حەڵوا بدات، ئەوهاش بۆنی خواناسین لە دەرویشدا هەیە. لە لایەکی کەوە شاعیرمان ئاماژە بۆ هەستی بۆنکردن دەکات بە بنیاتی وێنە شیعرێکی تر.

{بەسەرچوو دوور لە تۆ، باغی خەیاڵات}

{نەبوونی ما، نە بۆنی ما، نە غونچەی}(دن:304)

واتە ناری لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: لە دووری تۆ باغی خەیاڵاتم دووایی هات نەخۆی ما و نە بۆنی ما و نە خونچەش نەما.

## 4- هەستی چەشتن:

هەستی چەشتن لەسەر بنەمای تامکردن(تاڵی و سوێری و شیرینی)وەردەگێرێ واتە"ئەو هەستەیە کە شیرینی و تاڵی و سوێری و ترشی و تامە جۆراو جۆرەکانی میوەو خواردنی پێدەکرێت، شاعیریش چەندان وێنەی پێ دروست کردووە"(عیسا،2009ز،ل187). هەروەها هەستی چەشتن بریتییە لە "تامی شتەکان نە بەهستی بینین و نە بەبیستن و بەرکەوتن و بۆنکردن درکیان پێ ناکرێت، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی چەشتنەوە هەستیان پێدەکرێت، کە تێدا هیچ ماوەیەك لە نێوان مرۆڤ و شتە هەستپێکراوەکە دانامێنێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو پێویست دەکات شتەکە بخرێتە سەر زمان و لەو رێگەیەوە هەست بە چێژو تامەکەی بکرێت، شاعیریش بۆ ئەوەی رەهەندێکی تر بۆ وێنە شیعرییەکانی زیاد بکات و چێژێکی تایبەتیان پێ ببەخشێت ئاور لەم هەستە دەداتەوەو بەهۆیەوە وەکو کۆمەڵێك وێنە دەچنێت"(کەریم،2012،276). شاعیر جار وا هەیە بۆ وەسف و تەعبیرکردن لە ئازارو خۆشییەکانی ژیانی تایبەتی و بۆنەکانی نێو ژیانی کۆمەڵگا، هەروەها بۆ پێشکەش کردنی وێنەیەکی شیعری پرواتاو چێژ بەخەش زۆر کات پەنا دەباتە بەر هەستی چەشتن.

{بۆ هەموو کەس خوانی یەغمابوو شەکەر خەندەی لەبی}

{بۆ منی بێکەس جوێنی ترش و تاڵی تێوەدا}(دن:45)

ناری لەم وێنەیەدا هەر سێ تامی(تاڵی وترشی و شیرینی)دەخاتە کارو ئەرکیان پێدەبەخشێ لە بونیاتی وێنەکەیدا دەبێژێت: خەندەی لێوی یار وەك شەکرەو بۆ خەڵکی ئەڵێی خوانی تالانە بەشی هەمووکەسێکی لێ ئەدات، کەچی لە ڕووی منی بەندەی بێ کەس هەردەم توورەیەو ئەو لێوەی ترش تاڵەو تەنها جوێنی پێ ئەدات. لە دەقێکی دیکەی ناری دا وەسفی لێوی یارمان بۆ دەکات بە شێوەی گفتوگۆکردن لەگەڵ یاردا، داواوی ئەنجامدانی کارێکی لێ دەکات:.

{لەب شەکەر فەرموو بە زوڵفت باوەشێنی بانەکات}

{مێشی رۆحم گەر بنێشێتۆ بە قەندی چاتەوە}(دن:238)

ناری شاعیر لە ڕێی بنیاتی وێنەی هەستی چەشتنەوە لێوی یار بە شەکر ئەچوێنێ و رۆحی خۆیشی بە مێش کاتێك دەڵێت: لێوی تۆ وەکوو قەندی چایە، روحیشم وەکوو مێشە، بۆیە بە زوڵفت بەڵێ با باوەشێنی نەکات و لای نەبا، واتە لێوی تۆ خۆی شەکرەو جێگایان قەندی چایشی گرتۆتەوە. بۆیە روحیشم لە سەر دەنیشێتەوە.

**5- هەستی بەرکەوتن:** بەرکەوتن هەستێکی گرنگە لە پەی پێبردنی جوانی، بەڵکو بەرکەوتن دەرفەتمان دەداتێ هەست بەهەستە هونەرییەکانی تر بکەین، ئەمەش لە ڕێگەی دەست لێدانەوە هەست بەو وێنانە دەکرێت کە ساردو گەرمی، یان نەرمی و

ڕەقی یا زبری و لووسی دەنوێنن"وێنەی بەرکەوتن ئەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لە چێی هەستی بینین رۆڵێکی زۆر ببینێ، وەئەگەر هەستی بەرکەوتن بێ هێزە لەپەی پێبردنی رەنگەکان، کە هۆشدارمان دەکات لە جوانی شتەکان، ئەو کاتەی چاو بە تەنها لە توانای نابێت چێژی هەستی نەرمی و بەرکەوتنمان پێ ببخشێ"(عواد،2016ز،ل50).
نزیکی وهاوبەشییەکی ناراستەوخۆ لە نێو دەقە شیعرییەکان دروست دەبێت نێوان هەستی بینیین و هەستی بەرکەوتن چونکە"هەستێکی گرنگە لە درککردن بە جوانی شتەکان و هەندێ جار شوێنی هەستی بینین دەگرێتەوەو لە وێش کاریگەرتر دەبێ، بەوەی کە ماوەی نێوان شتە درکپێکراوەکەو مرۆڤ نامینێ، ئەم هەستە زۆر سیفەتی دەرپرین دەبەخشێت بە مرۆڤ، کە لەگەڵ باری دەروونیدا گونجاو بێت"(عەبدولرەحمان،2006ز،ل101). بنیاتی وێنەی هەستی بەرکەوتن رەگەزێکی گرنگی وێنەی هەستییەو بە پێی دەست لێدان بەشتەکانەوە هەست بە پەی پێبردنی جوانی دەوروبەر دەکرێت ناری شاعیریش لەم بیرو باوەڕەوە لەم دەقەی دا جوانی هەستی بەرکەوتنی خستوویەتی بەر دیدە.

{ کەسێ لادا لە جیلوەی حوسنی عیشقی } { ئەکێشێ نێشی نەشتەر بولبولانە }
{ نیە نەقص و دەلیلی دەستی رووسی } { جەزادی زیللەت کە قەصری حۆری یانە }(دن:244)

ناری دەڵێت: ئەگەر کەسێك لە رووناکی عیشق و خوا پەرستی لا بدات. ئەکێشێ ئازاری دڕك، وەکەس لە خۆرایی ناخرێتە ژێر دەستی کەسی دڵرەق، ئەگەر وای لێبێت جەزاکەی پڕ لە قەسری پڕ لە حۆری بەنەسیب دەبێت لە بەهەشت دا.

**تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی وێنەی شیعری ناری لە رووی رەوانبێژیەوە:.**

وەك دەزانین رەوانبێژی پێکدێت لە زانستی روونبێژی و زانستی جوانکاری و زانستی واتاناسی هەر یەکی لەم زانستانەش بە پێی خۆی رۆڵ و گرنگی و سەنگی خۆی هەیە لە دروست کردنی وێنەی شیعری لە نێو دەقە ئەدەبییەکان و بە شێوەیەکی بەرچاو لە چەندین لە هونەرەکانی رەوانبێژی دەردەکەون، وە"ئاسانترین واتای وێنەی شیعری ئەوەیە، وێنە بە وشە دروست دەکرێ و وەسف و خوازەو لێکچوونە بەشداری ئەم دروست بوونە دەکەن"(مەولوود، 2004ز، ل139). ئاستی شاعیر کاریگەرە لە بینایی و شێوەی دروست بوونی وێنەی شیعری نێو شیعرەکەوە"داهێنانی وێنەش لە هەر شتێکەوە بێت لە لای هەر شاعیرێك دەوەستێتە سەر توانای خەیاڵی ئەو شاعیرەوە رادەی کاریگەری و وەرگرتنی ئەو دیمەنە، چونکە لە تێکەڵاوبوونی عەقڵ و سۆزدا جارێکی تر بەهۆی خەیاڵی بەرزەوە ئەو وێنەیە دەخوڵقێنێت"(گەردی،2004ز، ل45).

یەکێك لە بنەماکانی وێنەی شیعری هونەرەکانی رەوانبێژییە"ئەگەر وێنەی شیعری زمانی ئەندێشە بێت، ئەوا ئەندێشە بۆخۆی کارگەی وێنەی شیعرییە، وە بنەمای پێکهێنانی وێنەی شیعریش لە هەر قۆناغێك و سەردەمێك دا بووبێت، هەر هونەرەکانی رەوانبێژییە بۆتە جێگای گرنگی پێدان و بەردەوام کراوەتە بنەمایەکی سەرەکی لەپێناسەکردنی وێنەی شیعری دا"(ئەحمەد،2017ز، ل240).

ئەگەر پروانینە بنەماوئەدگارەکانی شیعری کلاسیك و شیعری نوێدا، ئەوا دەبینین هەردوو قاڵبی شیعرییەکان جیاوازیان هەیە لەروانگەی وێنەی هونەرییەوە"لێکچواندن و خواستن و خوازەو درکە سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ دروستبوونی وێنەی هونەری و بێ گومان ئەو بۆچوونە بۆ شیعری کلاسیکی زۆر گونچاوە، بەڵام ئەم قاڵبانە دروستکردنی وێنەی هونەری سەدا سەد بۆ شیعری نوێ ناگونجێن، چونکە شاعیری شیعری نوێ وێنەکانی زیاتر بەهۆی وەسفەوە دەکێشێت و زۆرتر وەسف بەکاردەهێنێت لە شیعرەکانیدا، ئەمەش دەبێتە جیاوازییەکی بەرچاوی نێوان شیعری کلاسیك و شیعری نوێ لە روانگەی وێنەی هونەرییەوە"(قیطران،2021ز،ل840). وێنەی شیعری لە روونبێژی دا

چەند هونەرێکی لێ بەدیدەکرێت وەك(لێکچواندن و خوازەو درکە)ئێمەش بە پێی توانا لەسەریان دەدوێن.

**أ- زانستی ڕوونبێژی:**

بێگومان وێنەی دیمەنی ڕوونبێژی لە شیعردا، ئەو شاکارە هونەرییە جوان و قەشەنگانە دەگرنەوە کە بە هۆی پێکەوەنانی لێکچواندن و خوازەو خواستن و درکە لە بارێکی بێ ئاگایی شاعیر لە کاتی خوڵقاندنی شیعرەکانی لەلای دروست دەبێت" ناشێ لە خوڵقاندنی ئەو کارە هونەرییە لە لای شاعیردا، دەوری بەهەرەی شاعیریی و ئەندێشەی قووڵ سۆزی هەڵچووی ئەو شاعیرە داهێنەرەمان لەبیر بچێت کە هێزی نادیاری گرنگن لە هێزەکانی هۆشمەندیی مرۆڤی هونەرمەندو کاریگەریی خوڵقاندنی خوازە لە مەڵبەندی تۆمارکردنی واتاکانی لە مێشکدا، چونکە ئەندێشە هەروەك لە جیهانی رەخنەسازیدا چەسپاوە، هۆی لە دایکبوون وێنەی روون و هێنانەوەی ئەو وێنە بینراوانەیە"(شارەزا،2000ز،ل18)

**1- وێنەی شیعری بەهۆی لێکچواندنەوە:**

لێکچواندن بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە یان وێنەیەک بە وێنەیەکی ترەوە، لەبەر هەبوونی سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شت و وێنەکەدا، لێکچواندنیش هونەرێکە لە هونەرە سەرەکێکانی ڕوونبێژی"لێکچواندن ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنەرە رەوانبێژییانەیە کە وێنە بنیات دەنێن، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەکی فراوانتریشی لە بەردەمدا دەکرێتەوە" (عەلی،2007،ل170) بۆیە دەتوانین بەڵێن وێنە بەهۆی لێکچواندنەوە"وێنەیەکی جولاوەو لێکچواندنەکان وێنەکان دروست دەکەن، لەم جۆرەی لێکچواندنە دوو وێنەت هەیە، وێنەیەکیان هەمیشە لێچووە ئەوەی تر هەمیشە لەوچووە، وەهاوبەشن لە سیفەت دا، بەڵام وێنەی لەوچوو روونترو ئاشکراترە" (دزەیی، 2015ز، ل83). وێنەی لێکچواندن"هەر چەندە لێکچواندن ڕەگەزێکی بنەڕەتییە کە بە هۆیەوە دەقەکە جوانی و نزیکبوونەوە لە تێگەیشتن بەدەست دەهێنێت لەگەڵ ئەوەشدا توخمێکی پێویستە بۆ گەیاندنی واتای مەبەست لەهەموو ڕوویەکەوە، چونکە لێکچواندن نواندی وێنەو جێگرکردنی بیرەوەری و فەراهەم کردنی پێداویستیە دەروونییەکانی تێدایە"(کەریم،2012،197). ئیتر لێکچواندن"لە دەربڕینی شیعریدا هونەرێکی گرینگی ڕوونبێژییە، بۆیە شاعیران هەمیشە لە بونیاتنانی وێنەی شیعریی و لادانە واتاییەکان پشتیان پێ بەستووە، کە بریتییە لە لێکچواندنی دوو شت، یان دۆزینەوەو دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوبەشی لە نێوان دوو شت، یان دوو دیاردە"(ئەحمەد،2013،137). وێنەی چواندنیش"ئەو وێنەیەیە کەواتای تێدا بە شێوەی پەیوەندی نێوان دوولادا بەر جەستە دەبینێت، یان ئەوەیە کە شتێکی ناسراو بکرێت بە پێوەر بۆ ڕوونکردنەوەی شتێك کە گومانی لێ دەکرێت. چواندن بناغەی دروستکردنی وێنەی هونەریی و رەگەزێکی گرنگی گەیاندنی واتایە چونکە چواندن، نواندنی وێنەو چەسپاندنی یادەوەریی و جێ بەجێکردنی پێویستیەکانی دەروونەو بە شێوەی نواندن و بەراوەرد یەککگرتن و توانەوەو کار لە یەککردن نییە بەڵکو بناغەی ئەو پێوەندییە" (عەبدولرەحمان،2006ز،ل73). کەواتە هونەری لێکچواندن دەستێکی باڵای هەیە لە ڕازاندنەوەی بنیاتی شیعری و دەرخستنی وێنەی شیعری لە شیعردا یاخود بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتی سەرەکی باسەکە لە ڕێگای چواندنی بەشتێکی ترەوە، بۆ نموونە گەر پروانینە ئەم دەقەی (ناری) دەبینین چۆن وێنەی لێکچواندن تێدا دەردەکەوێت:

{ لە شەودا ماهی ڕووی دەرکەوت و زوو هەڵهات و نەمزانی}
{ لە بێ میهری ڕوخی وەك ماهی تابانی خوا چیبکەم}(دن:148)
ناری دەڵێت: رووی یار وەکو مانگی تابان بێڕەحمەو زوو هەڵدێت، ئەوەتا شەو مانگ هەڵدێت کەچی ماهی تابان تەنها بە درێژایی ئەو مانگە یەك شەو بە تەواوی خۆی دەرئەخات.
لێرەدا شاعیر دوو جار لێکچواندنی لەم دقە ئەنجام داوە.
یەکەم: لە نیوە دێڕی یەکەم: لێچوو/ رووی یار. لەوچوو/ماە. ئەمەیان لێکچواندنی ئاوەژووە.
دووەم: لە نیوە دێڕی دووەم: لێچوو/ ڕۆخ. ئامراز/ وەك. لەوچوو/ ماهی تابان.
{ پەرچەمی جەزبەی دڵی کردم لە بۆ شوعلەی روخی}
{ رەهبەری ئاتەش پەرستی،طوررەیی جادوویەتی}(دن:277)
ناری شاعیردەبێژێت: رووی ئەڵێی چرایە لەناو زوڵفی لولیدا وا ڕایکێشام بەلای خۆیدا ئەڵێ رەهبانی مەجووسە، چۆن بە فێڵ و جادوو یاری بە ئاگر ئەکەن تا خەڵك لە خۆیان کۆبکەنەوە.

## 2- وێنەی شیعری بەهۆی خواستنەوە:.

خواستن یەکێکە لە هونەرە گرنکەکانی ڕەوانبێژی، لە هەر دەقێکی ئەدەبی بەکارهاتبێت بەهێنرێ تام و چێژێک بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە شاعیرو خوێنەری دەقەکە هەردوو بێکەوە دەباتە جیهانێکی ترو خەیاڵێکی فراوان دەبەخشێتە شاعیر بۆ تێکەڵکردنی ئەو وێنە جوانانەی کە لە خەیاڵ و خولیای شاعیردا هەیە بەو وێنە شیعریەی کە لە نێو دەقەکەدایە. بۆیە دەتوانین بەڵێن خواستن گرنگترین پێکهاتەکانی وێنەی شیعرییە بەهۆی ئەوەی زۆر بەهێزە لە زیندووکردنەوەی ئەندێشەی شیعری و رووخساری نادیاری خواستنیش جوانتر دەتوانێت وێنەکان بگوازێتەوە نێو دێرە شیعرەکان، وە"وێنەی خواستن ئاسۆی بەرزی ڕەوانبێژی و نیشانەی داهێنانەو هونەرێکە لە هونەرەکانی ووتن و زمانی نائارامی و هەڵچوونی دەروونە، چونکە یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ ئەوەی بەبەرزی ئاستی ئەو هەڵوێستە توندە دەربڕێ کە وروژاندوویەتی و شێوەیەکی چڕی چواندن و نواندنیشە، هەندێ لە لێکۆڵەرە هاوچەرخەکان بە مەزنترین قۆناغی خوازەی لە قەڵەم دەدەن، چونکە بەواژەی کەم واتایەکی زۆر دەگەیەنێ"(عەبدولرحمان،2006،ل108). کەواتە دەکرێت بەڵێن خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ واتایەک کە بێجگە لەوەی بۆی دانراوە، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی لێکچوونێک کە لەنێوان واتای لێخوازراوەو ئەو واتایەی بۆی بەکارهێنراوە لەگەڵ نیشانە یەکیش. وەک چۆن لەم دێرەدا کە وێنەی خواستنی تێدا دەردەکەوێت:
{<u>چاوەکەم</u> زوڵفت لەسەر روخساری خۆت }
{ لادە کەس نەیدیوە شامی بێ سەحەر }(دن:115)
لێرەدا وێنەی شیعرییەکە خواستنی ئاشکرایە، چونکە روون وئاشکرایە مەبەستی شاعیر لە وشەی چاوەکەم چاوی راستەقینە نییەو چاوی راستەقینە نە زوڵفی هەیەو نە رووخسار بەڵکو مەبەستی لێی کەسێکەو کەسەکەش یارەکەیەتی. واتە: زوڵفت لادە لەسەر روخسار کە بەری رووناکی دەموچاوێتی گرت و کردویەتی بە ئێوارە، چونکە دوای رۆژ ئاوابوون هەر ئەبێت بەرەبەیان بێتەوە. لێرەدا خواستن بەم شێوەیەیە:. لێ خواستراو/ چاو. بۆخواستراو/یار. نیشانە/زوڵفت لەسەر روخساری خۆت لادە.
یان لەم دەقە شیعرییەی تردا ناری شاعیر دەڵێت:
{ سۆزی <u>بولبول</u> کە وەکو سۆزشی پەروانە نیە }
{ نیسبەتی عەشقی حەقیقی مەدە هەرگیز بە مەجاز }(دن:124)

لای ئەهلی دڵ عیشق دوو جۆرە. عیشقی حەقیقی کە عیشقی خوایەو عەشقی مەجازی کە عیشقی رەگەزییە، لێرەدا عیشقی حەقیقی هێمایە بۆ تەریقەی نەقشی کە بە بێ دەنگی ئەسووتێ:.
لێ خواستراو/ بولبول. بۆخواستراو/مرۆڤی عاشق. نیشانە/پەروانە لەگەڵ رەوتی دێری دووەم.

**3- وێنەی شیعری بەهۆی درکەوە:.**

هونەری درکە هونەرێکی واتایی قووڵەو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە، گەر هەر لە نێو زمانی یەك نەتەوەشدا بێت، سەبارەت بە هونەری درکە دەتوانین بەڵێن درکە واتە شتێك بڵێت و مەبەستت شتێکی تر بێت"هونەری دەرکە هاوواتایی بنچینەی هونەرەکەیە بەڵام لە ڕێگەی واتایەکی ترو کۆمەڵێك وشەی ترەوە دەبێت، هێنانەوەی ئەو هاوواتاییەو راستەوخۆ ناو نەهێنانی واتای مەبەست و درك بۆکراو پەنابردنە بەر ئەو واتایەکی ترو درکپێکراو کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە چ لە قسەی رۆژانەو ئاساییدابێت یان لە شعردا بێ" (سلێمان،2014،ل105). کەچی لە ئەدەبی عەرەبی دا درکە وا ئاماژەی بۆ دەکرێت"واتای درکە لە زمانی ئاخاوتن دا بەواتای شتێك کە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بێت، وە لە زاراوەی رەوانبێژی دا، درکە بریتییە لە وتەیەك کە پەیوەستە بە پاپەندبوون بە واتای دروست و پەیوەستی بە بوونی خواستنی لەسەر ئەو واتایە"(صالح،2008،ص55). کامل حەسەن بەسیر دەربارەی وێنەی درکەیی دەبێژێت"درکە جۆرێکە لە پاشگەزبوونەوە لە بەکارهێنانی واژەی بنەڕەتی بۆ واتایەك و بەکارهێنانی واژەی تر بۆ ئەو واتایە بەهەندێ شیکردنەوەوە، کە دەبێ پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو واژەیەدا هەبێت" (البصیر،1987،ص329).
وە وێنەی درکەیی واتا ئەو وێنە هونەرییە دەریری بیرە لەو دیوی واژە دەریراوەکانەوە، ئەم شێوازە دەرپرینانەش بە شێوەیەکی هونەری جوان ڕێپیشاندەر دەبن بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست، وە درکە واتای تر دەگەیەنێ"درکە بریتییە لە بێژەیەکی ئاراستەکراوە بە مەبەستی پەیوەستی، و واتای لەگەڵ ڕێپێدانی بە خواستی ئەو واتایە"(بلغیث،2009م،ص39) بێگومان هەموو هونەرو زانستێکی ڕەوانبێژی واتایەك دەبەخشێت، کەچی لە درکەدا، داهێنانی زیاترلە شێوەی گەیاندن و چەسپاندنی واتاکەیدایە بەهۆی ئەوەی"درکە هەندێ شێوەی شاراوە دەگەیەنێت، بەڵام ئەو شاراوەییە دیاردەیەکی هونەرییە زۆر لە گەیاندنی ناڕاستەوخۆ رەوانترو بەهای هونەری درکە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە پێکهێنانی وێنەی هونەری"(عەبدولرحمان،2006،ل148).
بۆنموونە گەر پروانینە ئەم دێرەی (ناری)دەبینین چۆن وێنەی گواستۆتەوە نێو هۆنراوەکەی دا:.

{ تا نە کێشێ ئێش و نێشی تیغ و داس }
{ موشکولە، شەککەر بە کەس دا، نەی شەکەر }(دن:121)

لێرەدا (ناری) دەڵێت: ئەو کەسەی بییەوێت لە قامیشی شەکەر شەکەر دەربهێنێت ئەبێت ئازاری تەڵەزم و پرینی داس وچەقۆو جزوی قامیشەکەی بچێژێت ئەویش دەچێتەوە سەر ئەو پەندەی کە تێدا دەوترێت: تاکو ئازار نەکێشی سەرکەوتن ناچێشی.

**ب- زانستی جوانکاری:.**

دیارە دەربارەی جوانکاری بەهەمان شێوەی زانستەکانی تری رەوانبێژی چەندین ڕاوبۆچوون هەیە لەوانە:"جوانکاری لە توێژینەویەك تێناپەڕێ کە کار بۆ جوانی ئاخاوتن وواتا بە ڕەنگێکی داهێنراو لە جوانی گوفتار یان واتایی، و جوانکاری بەوە دەناسرێ زانستی کۆکراویە بۆ ئەم توێژینەوانە، کە بریتییە لەچاککاری ووتەیی، و لەچککاری واتایی"(جارم وأمین:2007م:346). هەروەها جوانکاری"یەکێکە لەسێ بەشەکانی زانستی ڕەوانبێژی، ووشەیەکە لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لەداهێنانی شت یان بەواتایەکی تر، بەو وشەیە دەگوترێ کە بۆ یەکەم جار دادەهێنربێ"(مستەفا:2003ز:9). هەر دەربارەی

جوانكاری"زانیاری بەدیع، ئەم زانیارییە لە بارەی چۆنیەتی ی ڕازاندنەوەو ئارییش کردنی ووشەو قسانەوەیەو لە گەڵێك جۆرە ووردەکاری پێککهاتووە"(دزەیي:2015ز:35). جوانکاری بەدوو جۆر دەردەکەوێت(ڕازاندنەوەی ووشە، ڕازاندنەوەی واتا)ئەرکی سەرەکی لەوەدایە کە سەیری دەقە ئەدەبیەکە دەکات و لایەنی جوانی ئەدۆزێتەوەو لێکیاندەداتەوەو هەڵیان دەسەنگێنێت.

**1- وێنەی شیعری بەهۆی زیادەڕۆییەوە:**

بۆ ئەوەی شاعیر وێنەیەکی شیعری جوان و خەیاڵاوی بێنێتە ئاراوە زۆر کات هانا بۆ هونەری زیادەڕۆییەوە دەبات ئەویش بریتییە لە"وەسفی زیاد لە پێویست بۆ شتێ لە شتەکان، جا بەباشی بێ یان بەخراپ، گرنگ ئەوەیە، ئەو وەسفە هەمووی لەگەڵ واقیعدا یەکنەگرێتەوەو خوێنەر نەتوانێ پروا بە تەواوی واتاکەی بکات بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێی جوان بێت و چێژێکی ئەدەبی خۆشی لێ وەربگرێت"(مستەفا،2011ز،ل320)

{ دیجلەیی سەیلی سروشکم حەددو پایانی نەما }

{ شاهیدی غایەتی لیتەو قوری بێلوویەتی }(دن:278)

شاعیر دەڵێت: ئەوەندە گریاوم بە خوڕ لافاوی فرمێسکم ڕادەو کۆتایی دیار نییە بۆ شایەتی ئەم حاڵەم وەرن سەیری دێی بێلوو بکەن کە چۆن بە فرمێسکم هەموویم کردووە بە قوڕو لیتە.

**2- وێنەی شیعری بەهۆی جوانی بایس:**

جوانی بایس یان جوانی هۆکار بریتییە لە"گۆڕینی هۆکاری تایبەتی دیاردەیە بە هۆکارێکی تری جوان و گونجاو لەگەڵ مەبەست تایبەت"(الهاشمي،1960م،ص371) شاعیر لە هۆنینەوە هەر شیعرێك بە بێ هۆ نییە هەوڵی گۆڕینی هۆکارە سروشتییەکان دەدات"بۆیە گۆڕینی هۆکاری دیاردە بە هۆکارێکی تری سەرنج ڕاکێش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە جوانی لە شیعرەکانیا سەیری بکرێ و هەستی خوێنەر بجوولێنێ و توانای بیرقووڵی شاعیریش دیاری بکات"(گەردی،2013ز،ل316) جوانی بایس بۆ چەندین مەبەست بەکاردێت گرنترینیانیش ئەوەیە"مەبەست لە جوانی بایس دانانی ئەو هۆیەیە کە شاعیر بۆ ڕووداو و ڕوونەدانی کارێ لە کارەکان، یان دیاردەیێ لە دیاردەکانی دادەنێ، بەڵام ئەو هۆیە هۆی دروستی کارو دیاردەکە نییە، کە خستوویەتییە پاڵیان بەڵکو بۆ ناسکی و دەرپرین و جوانی شێوازی ئەدەبی پەنای بۆ بردووە"(مستەفا،2011ز،ل322).

{ ماهی روخسارت کە جیلوەی دا لە شامی پەرچەما }

{ رۆژ بە ڕوو زەردی لە مەشریق دا بەرەو مەغریب هەڵات

}(دن:82)

ناری دەبێژێت: رووت کە دەرکەوت لە پشت پەرچەمتەوە ئەتووت مانگە لە دەمەو ئێوارەدا، بۆیە لە تاو جونی رووی تۆ رۆژ بە روو زەردی لە رۆژهەڵاتەوە هەڵات بەرەو رۆژئاواو ئاوابوو. لەو دێڕەی نالی دەچێت کە دەڵێت: لەترسی طەلعەتت رۆژ هەروەکو شێت بەڕو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان.

***************************************

## ( ئەنجام )

ئێمە لێرەدا بەچەند خاڵێک هەوڵ ئەدەین ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە:-

1- ناری شاعیر وەك ئەندامێك لە نێو کۆمەڵگای کورددیدا، هەستی بە خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتەکەی خۆی کردووەو لە ڕێی هەریەك لە پێکهاتەکانی وێنەی شیعری وەك(زمان و بیرو ئەندێشەو هەست و نەست و واقیع) هۆنراوەکانی بە وێنەی هەست ناسك وپڕ ئازار ڕەنگرێژکردووە.

2- ناری شاعیر لە بەکارهێنانی وێنەی شیعریدا، شاعیرێکی باڵا دەست بووەو لە رووی وێنەی هەستییەوە هەموو ئەو وێنانەی بەکارهێناوە کە بەر هەستەکان دەکەون وەك(بینین و بیستن و بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن)دەکەون،

3- لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانی ناری دا، چەند جۆرێکی لە هۆنەرەکانی رەوانبێژی بەکار هێناون، لەوانە لە رووی وێنە روونبێژییەوە وێنەی لێکچواندن و وێنەی خواستن و وێنەی درکە، کەچی لەرووی جوانکارییەوە وێنەی جوانی بایس و زیادەرۆیی بەکارهێناوە.

4- ناری وەکو هەر خاوەن دەقێکی شیعری سەردەمی خۆی زۆربەی وێنە شیعرەکانی بەهۆی وەسفەوە دروست بوون و بە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دراوسێدا کاریگەربووەو، وەك دەبینرێ لە دیوانی ناری شاعیر(17)دەقی شیعری بە زمانی فارسی هەیەو(4) پارچە شیعری تێکەڵکێشی کوردیی وفارسی هەیە.

## لیستی سەرچـــاوەکان:

### بە زمانی کوردی: کتێب:


ئەحمەد، پەخشان عەلی، 2009ز، شێوازی شیعری گۆران، چاپی(1)،چاپخانەی کۆردۆلۆچی،سلێمانی.

ئەحمەد، د.سافیە محمەد ئەحمەد،2013ز، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی(1)،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئەمین، عەبدولقادر محەمەد، 2002ز، وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردی دا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

حسێن، جەبار ئەحمەد،2008ز، ئێستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق(1950-1970)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

خەزنەدار،د.مارف،2005ز، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی(5)، چاپی(1)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

دزەیی، د.عبد الواحد مشیر،2015ز، پراگماتیك و رەوانبێژی، چاپی(1)، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

سلیمان، هەژار فەقێ، 2014ز، روونبێژی لە شیعری مەحوی دا، چ(1)، سەردەم، سلێمانی.

کەریم، د.فەرهاد قادر،2012ز، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی(1)، هەولێر.

گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن،2004، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(1970-1991)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی،2013، بەهاری رەوانبێژی، چاپی(1)، چاپخانەی نارین، هەولێر.

عزیز، د.کامل حسن (البصیر)،1983ز، رەخنەسازی مێژوو و پەیرەوی کردن، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق(دەستەی کورد)،بەغدا.

عەزیز، حوسێن محەمەد،2003ز، یاقوت و زمرودی کوردی، بەرگی(1)،چاپی(1)،چاپخانەی رۆشنبیری، سلێمانی.

عەلی، د. دڵشاد،1998، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، چ(1)، سلێمانی.

عەلی، د. دڵشاد،2007، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپخانەی سەردەم، چ(1)، سلێمانی.

عیسا، هاوژین سلیوە،2009ز، وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی سەردەم، چ(1)، سلێمانی.

مستەفا، ئاسۆ عومەر،2009ز، بەها ئێستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێردوشێخ نوری شێخ ساڵح وگۆران، چاپی(1)، چاپخانەی خانی، دهوك.

قارەمانی،جەعفەر، 1397ك، زانستی رەوانبێژی ئەدەبی-روونبێژی، بەشی دووەهەم، چاپی(1)، زانستگای کوردستان، سنە.

مستەفا، د.ئیدریس عەبدوڵڵا،2003ز،جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی(1)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

مستەفا، د.ئیدریس عەبدوڵڵا،2011ز، لایەنەرەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپی(1)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

مەحمود، د. فازیل مەجید،2007ز، سروشت لە شیعری گۆران دا، دەزگای سەردەم، چاپی(1)، سلێمانی.

مەولوود، د.عەبدوڵڵا خدر، 2004ز، لێكۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چاپی(1)، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
مەلازادە، د.ڕێبوارمحمد،2020ز، تیۆری ئەدەبی دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا،چاپی(1)، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

## دیوانەكان:
زادە، ئا:عوسمان عارف ناری،2014ز، دیوانی ناری، چاپی(2)، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

## نامەی ئەكادیمی:
احمد، مەریوان حمە کریم،2022ز، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری(سالم)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
ئەحمەد، دیلمان قادر،2017ز، چەمکی داهێنان لە تێروانینی شاعیرای کورددا کرمانجی خوارو(1920-1970)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
عەبدولرحمان، عەبدولسەلام سالار، 2006ز، وێنە ی هونەری لە شیعری(شێخ نووری شێخ ساڵح)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
حمەکەریم، هۆگر جمعە،2017، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵڵا پەشێودا، نامەی ماستەر، زانکۆی راپەرین.
کلاری، حوسێن محمود عەلی، 2008، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکلی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
گەرمیانی، عادل مەجید محەمەد، 2000ز، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا.

## گۆڤارو رۆژنامە:
حسێن، هەژار فەقێ سلێمان،2018ز ،سەرچاوەی وێنە لە شیعری مەحوی دا، گ(کۆنتێکست)، ساڵی یەکەم،ژ(2-3).
شارەزا، کەریم،2000ز، تابلۆی روونێژی شیعری چەسپ و جووڵاوو لە کۆ شیعری(رێگا دوورەکانی چاومان)دا، گ (رامان)، ژ(44).
عباس،لانە رضوان. حسین، د.جبار احمد،2022ز، بنیاتی وێنەی شیعری لە شیعری(مستەفا بەگی کوردی)دا، گ(قەڵای زانست)، بەرگی(8)، ژ(1)،هەولێر.
فەرحان، مەریوان حسین و سلێمان، هەژار فەقێ،2017ز، وێنەی شیعری لە شیعرەکانی وەفایی دا(بەنموونە وێنەی خواستن)، گ.زانکۆی کەرکووك، بەرگی(12)، ژ(1).
قیطران، کاروان سلیم،2021ز، وێنەی هونەریی لە شیعری(گەشت لە هەورامان)دا، گ.زانکۆی کەرکووك، بەرگی(16)، ژ(1).
مەعروف، د.کەمال مستەفا،2005ز، وێنە لە شیعرەکانی(قوباد جەلی زادە)، گ(کاروان)، هەولێر، ژ(194).

## بەزمانی عەرەبی:کتێب:
الهاشمي، أحمد، 1960م، جواهر البلاغه العربیه، مکتب التجاریة کبری، ط(12)، مصر.
البصیر، کامل حسن، 1987م، الصورة الفنیة فی البیان العربي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.
الصائغ، عبدالاله، 1987م، الصورة الفنیة معیارا نقدیا، منحني وتطبیقي علی شعر الاعشی الکبیر،دار الشؤن الثقافیة العامة، مطبعة افاق العربیة،ط(1)،بغداد.
الخفاجی، عبدالمنعم،1995م، مدارس النقد الادبي الحدیث، ط(1)، دار المصریة اللبنانیة، القاهرة.
صالح، فخري، 2008م، التجنیس وبلاغة الصورة، ط(1)، دار ورد الاردنیه للنشر والتوزیع، عمان، الاردن.
عباس، د. إحسان،1979م، فن الشعر، ط(6)، دار الثقافة، بیروت، لبنان.
عساف، ساسین سیمون،1982م، الصورة الشعریة ونماذجها في ابداع أبي نواس، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع،بیروت-لبنان.
عواد،عبدالله أحمد عیال، 2016م، الصورة الفنیة في شعر قس بن الخطیم، ط(1)، مطبعة السفیر، عمان، الاردن.
لویس، سیسل دي، تر:أحمد نصیف الجنابي واخرون، 1982م، الصورة الشعریة، دار الرشید للنشر، بغداد.
ناصف، د.مصطفی، بدون سنة الطبع، الصورة الادبیة، دار الاندلس، بیروت، لبنان.
الجارم،علي و، أمین، مصطفی،2007م، البلاغة الواضحة، البیان و المعاني و البدیع، ط الأخیر، دمشق.

## نامەی ئەكادیمی:

الزبيدي،وسن علي عبدالحسين، 2008م، الصورة الشعرية عند بلند الحيدري، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.
الجريسي، عمر حازم محمد،2023م، الصورة البصرية في شعر عثمان بكتاش الموصلي، رسالة ماجستير، جامعة الوصل.
بوزياني، خالد، 2007م، الصورة الأدبية وخصائصها اللغوية بين البلاغيين والأسلوبيين، رسالة دكتوراه، جامعة الجزائر يوسف بن خده، الجزائر.
بلغيث،عبدالرزاق،2009م، الصورة الشعرية عند الشاعر عزالدين ميهوبي، رسالة ماجستير، جامعة بوزرعية، الجزائر.

## گۆڤارو رۆژنامه:

الجنابي،أحمد نصيف، 1972، ماهية الصورة الشعرية مطبقة على الشعر العراقي المعاصر،مجلة الأقلام،عدد(3).
الخاتوني، مقداد خليل قاسم،2014م، الصورة الشعرية عند ابن الدهان الموصلي، مجلة أداب الرافدين، جامعة الموصل، العراق، العدد(69).
الغزالي،د.خالد علي حسن، 2011م، أنماط الصورة والدلالة النفسية في الشعر العربي الحديث في اليمن، مجلة جامعة دمشق، المجلد(27)، العدد(1،2)، سوريا.
ركابي، أميمة محمد عبدالعزيز، 2019، الصورة الفنية في شعر الحكمة في الاندلس حتى نهاية عصر المرابطين، مجلة كلية التربية، جامعة عين الشمس، عدد(25)، الجزء(3)، القاهرة، مصر.

List of sources

In Kurdish language:

Books

1. Ahmad, Dr.Safya Muhamad Ahmad,2013 AD , *deviation in contemporary Kurdish poetry*,1st edition, Haji Hashim Printing House, Erbil.
2. Ahmad,Paghshan Ali,2009AD, *Goran Poetry Style*, 1st Edition , Kordology Printing House, Sulaimani.
3. Ali, Dr.Dilshad,1998 AD, *Building Poetry in Kurdish Poetry*, Ranj Printing House,1st edition,Sulaimani.
4. Ali,Dr.Dilshad, 2007, *Dilan and Poetry Examination*, Sardam Printing House,1st edition, Sulaimani.
5. Ameen, Abdulqadir Muhamad ,2002 AD, *Poetry in the Kurdish Romantic Path*, Sardam Publishing House, Sulaimani.
6. Aziz,Dr.Kamil Hassan(Albasir) 1983 AD, *Criticism of History and Following*, Iraqi Information Center Printing House (Kurdish Board), Baghdad.
7. Aziz,Husein Muhamad, 2003 AD, *Kurdish Ruby and Emerald*, Volume (1), 1st Edition, Roshinbiry Printing House, Sulaimani.
8. Dzayee,Dr.Abduwahid Musheer,2015 AD, *Pragmatics and rhetoric*, 1st Edition, Awer Printing House, Erbil.
9. Eisa , Hawzheen Slewa,2009 AD, *Artistic images in Sherko Bekas's poetry*, Sardam Publishing House, 1st edition, Sulaimani.
10. Gardi,Muhsin Ahmad Mustafa , 2013 AD, *rhetorical spring,1st edition,* Narin Printing House,Erbil.
11. Gardy,Sardar Ahmad Hassan,2004 AD, *Structure of Artistic Images in Kurdish Poetry(1970-1991)*, Sardam Publishing House, Sulaimani.
12. Hussein,Jabar Ahmad ,2008 AD, *Aesthetics of Kurdish Poetry in Iraqi Kurdistan* (1950-1970), Sardam Publishing House, Sulaimani.
13. Kareem,Dr.Farhad Qadir,2012 AD,*image Structure in Hamdi's Poems*, Rojhelat Printing House, 1st Edition, Erbil.

14. Khaznadar, Dr.Marif,2005 AD, *History of Kurdish Literature*, Volume (5),1st Edition , Aras Publishing House, Erbil.
15. Mahmud,Dr.Fadhil Majid, 2007 AD, *Nature in Goran's Poetry*, Sardam Publishing House, 1st edition, Sulaimani.
16. Malazadeh, Dr. Rebwar Mohammed, 2020 AD, *Literary Theory of Kurdish Poetry Text in Literary Theory*,1st Edition , Nawandi Awer Printing House, Erbil.
17. Mawlood,Dr.Abdulla Khidir,2004 AD, *A Study of Hamdi's Poetry*, 1st Edition, Roshnbiri Printing House, Erbil.
18. Mustafa, Aso Omar, 2009 AD, *Aesthetic values of poetry among Piramird Sheikh Nuri Sheikh Salih and Goran*,1st edition, Khani printing House, Duhok.
19. Mustafa,Dr.Edris Abdulla, 2003 AD, *Beauty in Kurdish Literature*, 1st Edition, Sardam Publishing House, Sulaimani.
20. Mustafa,Dr.Edris Abdulla, 2011 AD, *hetorical aspects in classical Kurdish poetry such as Hamdi and Haji Qadir Koyi*,1st edition, Haji Hashim’s printing House,Erbil.
21. Sleiman,Hazhar Faqye,2014 AD, *rhetoric in Mahwyi's Poetry*,1st edition, Sardam, Sulaimani.

**Collections**

1.Zadeh, ,Osman Arif Nari, 2014 AD, *Diwani Nari*, 2ND Edtion chwar chra printing House, Sulaimani.

**Academic** Thesis

1. Ahmad, Mariwan Hama Karim, 2022 AD, *Structure of Artistic Image in Saleem's Poetry*, Doctoral Thesis, Sulaimani University.
2. Ahmad, Dilman Qadir, 2017 AD, *The Concept of Innovation in the Perspective of Kurdish Poetsin southern Kirmanj (1920-1970),* Master's Thesis, Sulaimani University.
3. Abdulrahman, Abdulsalam Salar, 2006 AD, *Artistic Images in the Poetry of Sheikh Nuri Sheikh Salih*, PhD Thesis, Sulaimani University.
4. Clari, Hussein Mahmoud Ali, 2008 AD, *Style in Farhad Shakli's Poems*, Master's Thesis, Koya University.
5. Garmyani, Adel Majid Mohammed, 2000 AD, *Article in Goran and Sayab's Poems*, PhD Thesis, Baghdad University.
6. Hama Karim, Hogar Juma, 2017 AD, *Photo in the examination of Abdullah Pashew's poetry*, Master's thesis, Raperin University.

**Magazines and newspapers:**

1.Abbas, Lana Ridwan. Hussein, Dr. Jabbar Ahmad, 2022 AD, *The Structure of Poetic Images in the Poetry of Mustafa Beg Kurdi*, Qalay Zanst magazine , Volume 8, Issue. 1, Erbil.

2.Farhan, Mariwan Hussein and Sulaiman, Hazhar Faqe, 2017 AD, *Poetic Images in Wafaee's Poems (For example, the Image of Desire*), University of Kirkuk magazine, Volume (12),Issue.1.

3.Qaitran Karwan salim ,2021 AD, Artistic images in the poem of travel in Hawramanda University of Kirkuk magazine, Volume (16),Issue.1.

4.Ma'roof, Dr. Kamal Mustafa, 2005 AD, *Photos from the Poems of Qubad Jalizadeh*, Karwan magazine, Erbil, Issue.194.

**List of sources in Arabic Language :Books**

1. Abbas, Dr. Ihsan, 1979, *The Art of Poetry*, 6th edition, House of Culture, Beirut, Lebanon.

2. Al-Basir, Kamel Hassan, 1987 AD, *The Artistic Image in the Arabic Statement*, Iraqi Scientific Academy Press, Baghdad.
3. Al-Hashemi, Ahmed, 1960 AD, *The essence of Arabic eloquence* , Maktab al-Tijaria al-Kubra, 12th edition, Egypt.
4. Al-Jarim, Ali and Amin, Mustafa, 2007 AD, *Clear Rhetoric, Al-Bayan wal-Ma'ani and Al-Badi'*, the last edition, Damascus.
5. Al-Khafaji, Abdel Moneim, 1995, *Schools of Modern Literary Criticism*, 1st edition, Dar Al-Masria Al-Lubnaniya, Cairo.
6. Al-Sayegh, Abdul-Ilah, 1987 AD, *The artistic image is a critical criterion, curved and applied to the poetry of Al-A'sha Al-Kabir*, House of General Cultural Affairs, Afaq Al-Arabiya Press, 1st edition, Baghdad.
7. Assaf, Sassine Simon, 1982 AD, *The poetic image and its models in the creativity of Abu Nawas*, University Foundation for Studies, Publishing and Distribution, Beirut-Lebanon.
8. Awad, Abdullah Ahmed Ayal, 2016 AD, *The Artistic Image in the Poetry of Qais Bin Al-Khatim*, 1st edition, Al-Safir Press, Amman, Jordan.
9. Lewis, Cecil D., Trans.: Ahmed Nassif Al-Janabi and others, 1982 AD, *The Poetic Image*, Al-Rasheed Publishing House, Baghdad.
10. Nassef, Dr. Mustafa, without year of publication, *The Literary Image*, Dar Al-Andalus, Beirut, Lebanon.
11. Saleh, Fakhri, 2008, *Naturalization and the Rhetoric of Image*, 1st edition, Jordanian Ward Publishing and Distribution House, Amman, Jordan.

**Academic** Thesis

1. Al-Jarisi, Omar Hazem Muhammad, 2023 AD, *The Visual Image in the Shi'ar of Othman Bektash Al-Mosili*, Master's Thesis, University of Mosul.
2. Al-Zubaidi, Wasan Ali Abdul-Hussein, 2008 AD, *The Poetic Image of Buland Al-Haidari*, Master's Thesis, University of Baghdad.
3. Belghith, Abdel Razzaq, 2009, *The Poetic Image of the Poet Ezzedine Mihoubi*, Master's Thesis, Bouzarieh University, Algeria.
4. Bouziani, Khaled, 2007 AD, *The literary image and its linguistic characteristics among rhetoricians and stylists*, PhD dissertation, Youssef Ben Khadda University of Algiers, Algeria.

**Magazines and newspapers:**

1. Al-Ghazali, Dr. Khaled Ali Hassan, 2011 AD, *Patterns of Image and Psychological Significance in Modern Arabic Poetry in Yemen*, Damascus University Journal, Volume (27), Issue (1,2), Syria.
2. Al-Janabi, Ahmed Nassif, 1972 AD, *The nature of the poetic image applied to contemporary Iraqi poetry*, Al-Aqlam Magazine, Issue (3) .
3. Al-Khatuni, Miqdad Khalil Qasim, 2014 AD, *The Poetic Image of Ibn al-Dahan al-Mawsili*, Al-Rafidain Literature Journal, University of Mosul, Iraq, Issue (69).
4. Rikabi, Omaima Muhammad Abdel Aziz, 2019, *The Artistic Image in Wisdom Poetry in Andalusia until the End of the Almoravid Era*, Journal of the Faculty of Education, Ain Al-Shams University, Issue (25), Part (3), Cairo, Egypt.

**A.P.Hassan Ali Omar**

**Summary:**

There is no doubt that the image has an essential place in the poetic structure, and the poetic image is the source on which the poet relies in expressing his poetic experience. It is also one of the elements of forming the poetic text, and it is an important aspect of creativity in any Kurdish poetic text, because it shows the imagination and thoughts of the poet.

In our research, which is entitled (Sensory and Rhetorical Image in Nari's Poems), we attempt to study the details of the formation of the poet's poetic image, which is an analytical and descriptive study.

The research consists of two chapters. The first chapter defines the concept, definition, and importance of the poetic image and its most important components in Nari's poems, The second chapter was devoted to studying the types of poetic images in the poet's poems, both sensory and rhetorical, The most important point we have reached is that the poet Nari embraced all types of sensual and rhetorical images in his poetry.